لە چاکی ئیسلامەتی مرۆڤ ئەوەیە واز بهێنێت لە شتێک کە پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە چاکی ئیسلامەتی مرۆڤ ئەوەیە واز بهێنێت لە شتێک کە پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت».

[قال النووي: حديث حسن] [رواه الترمذي وغيره]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردۆتەوە: کە لە جوانی وکاملّی ئیسلامەتی موسڵمان وکاملّی ئیمانی؛ ئەوەیە دوور بکەوێتەوە لەوەی کە پەیوەندی پێوەی نییە و تایبەت نییە بە ئەو و گرنگ نییە بۆی و سوودی پێناگەیەنێت لە قسە و کردەوەکاندا، و دوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە پەیوەندییان پێوەی نییە لە کاروباری ئاین و دونیادا، چونکە سەرقاڵبوونی مرۆڤ بەوەی کە هی ئەو نییە وپەیوەندی پێوەی نییە؛ لەوانەیە سەرقاڵی بکات لەوەی کە پەیوەندی پێوەی هەیە، ئەگەر وا نەکات لەوەیە بیبات بەرەو ئەو شتەی کە دەبێت لێی دوور بکەوێتەوە؛ چونکە مرۆڤ بەرپرسیارە لەسەر کردەوەکانی لە ڕۆژی دواییدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65255